عراقچی: دەزانین ئامانجی ئەمریکا و ئیسرائیل هاگرتنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانە



چوارشەممە، 2ـی تەممووز 2025، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە تێڵی هەواڵی 'سی بی ئیس' ی هاگەیاند، حکوومەتی ئێران بەرنامەکانی خۆی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم هانا گرێت، بەڵام هیچ نیازێکی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمیی نییە. دەشزانین ئامانجی ئەمریکا و ئیسرائیل هاگرتنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانە.

وەزیری دەرەوەی ئێران، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: زانیانی ئێمە لە پێناو پیتاندنی یۆرانیۆمدا ئەرک و سەختیی زۆریان کێشا، حکوومەت و گەلی ئێرانیش زیاتر لە 20 ساڵ لە بەرانبەر ئابڵوقەی ئابووریدا خۆیان هاگرت، ئێستاش لەو پێناوەدا دەجەنگین؛ شەڕی قورسی 12 ڕۆژەشمان بۆ هەموو قوربانی و وێرانکارییەوە هەر بۆ ئەوە کرد. بابەتی پیتاندنی یۆرانیۆم، شانازی و سەربەرزیی گەلی ئێمەیە و بگومان دەستبەرداری نابین.

عراقچی، دەربارەی ئەو زیانانەی بەر پگەی ئەتۆمیی فەردۆ گەیشتوون، گوتی: هیچ کەسێک زانیاریی ورد و ڕاستی لەو بارەیەوە نییە و نازانرێ لە فەردۆ چی ڕووی داوە. بەڵام من تەنیا ئەوەندە دەزانم

زیانی زێر و جیددی بەرکەوتووە.

وەزیری دەرەوەی ئێران گوتیشی: هێکخراوی وزەی ئێتەمی ئێران، سەرقاڵی لێکۆینەوە و هەڵسەنگاندنی زیانەکانی پێگەی فڕۆکەیە و دواتر داپەرتی خۆی لەو بارەوە دەداتە حکوومەت.